www.kurdistannet.org

# میری جاهیلان

حەمەسەعید حەسەن

(ریتا ریتا وەرە لام
بێ تۆ تاریکە دنیام،
تۆ قولەڕەشی .... قەیناکا.)

ئەگەرچی ڕۆژ کەریم خۆی سوپەرئینسانە و پێستی لە بەفر سپیترە، لێ کەستەکی سۆزی دەتلیسێتەوە و بە (ریتا)یەکی نزمی قولەڕەشیش قایل دەبێت! «ڕۆژ»ی ئەورووپانشین دەرکی بەوە نەکردووە، تەنیا کەسانی ڕاسیست کە سووک سەرنجی پێستڕەشان دەدەن، بە پێستڕەش، دەڵێن قولەڕەش. نەیزانیوە لە ئەورووپا بەکارهێنانی ناتۆرەی قولەڕەش، سووکایەتی بە ئینسان کردنە و تاوانە و سزای لەسەرە. هەستی بەوە نەکردووە، ئینسان بە چاوپۆشین لەوەی پیستی سپییە یان ڕەش، هەر هەمان ڕێزی هەیە و هەر هێژاترین سەرمایەیە. پێم سەیر نەبوو کوردسات ئەو کلیپە نزمەی، بەرز نرخاند، ئاخر (سلێمانیچییەکان) بە سەلیقە ڕاسیستن و نەک هەر ئەفریکایی، بە چاوێکی سووک سەیری (هەولێری)ش دەکەن!

*

چونکە جیهان لای بەختیار عەلی هێندە تەسکە لە ینک و پدکدا کۆ دەبێتەوە، پێی وایە ئەوی هەڵەیەکی ینکی دایە بەر ڕووناکی، ئەوە دەرۆزەی سۆزی پدک دەکات! عودەی لەنێو دەوڵەتەکەی سەددامدا، دەوڵەتێکی بۆ خۆی پێکەوە نابوو. هێرۆ خاتوونی کیژی ئیبراهیم ئەحمەد و بانووی مام جەلالیش لەمێژە لە دەڤەری بن دەستی ینکدا خاوەنی دەوڵەتۆکەی خۆیەتی. بەختیار ئەو واقیعە باوەی ڕەچاو نەکردبا، بێ بۆنە گۆرانی بە بالای بابی خانمە مەزنەکەی سۆراندا هەڵنەدەدا.(١)

لە کوردستاندا وەرگێڕێک شک نابەم لە مەلا شوکور بە تواناتر. لە دنیادا وەرگێڕێک شک نابەم لە بەختیار عەلی ڕووقایمتر. بەختیار عەلی تاقە وەرگێڕی دنیایە کە دەوێرێت بەرهەمی کەسانی دیکە، سەقەت تەرجوومە بکات و دوای مۆنتاژکردنێکی جاهیلانە، وەک بەرهەمی خۆی بڵاوی بکاتەوە! ئەوی گومانی لەم ئازایەتییە بێوێنەیەی وی هەیە، با بچێت نووسینەکانی غەفوور ساڵح(٢) و شارام قەوامی(٣) بخوێنێتەوە.

٢٠٠٢/٦/٢٣ حەزرەتی شوکور مستەفا لە کۆڕێکدا لە ستۆکهۆڵم فەرمووی: (هەیە کتێبێک دەخوێنێتەوە، دەیکات بە کوردی، ناوی خۆی لێ دەنووسێت و خۆی لێ دەبێت بە مۆدێرنیست و پۆستمۆدێرنیست و چی و چی..) بەختیار فیکەی خۆی ناسیوەتەوە و بە بەردێک دوو چۆلەکەی پێکاوە: هەم تۆڵەی خۆی لە مەلا شوکور کردووەتەوە، هەم ماستاوەگوڵێکیشی لە بەرۆکی خانمی خانمان داوە.

2003. 10. 22

(١) بەختیار عەلی، ڕێز و درۆ، هەفتەنامەی هاوڵاتی، ژمارە (١٤٥) ل (١٢) ٢٠٠٣/١٠/١٥ سلێمانی.

(٢) غەفوور ساڵح، هەندێ لەڕەهەندەکانی ڕەهەندخوازان، گەلاوێژی نوێ ژ: ١٥

(٣) شارام قەوامی، لێکچوونەکانی ... گۆڤاری ئایندە، ژمارە ٢٩ و ژمارە ٣٤